**خانەنشینیتان باش پەرلەمانتاران**

عەلی مەحمود محەمەد

١١ ساڵ و نیو زیاتر بەسەر ئەو کاتەدا تێدەپەڕێت , بۆ یەکەمجار نەك لە کوردستان بگرە لە عێراق و جیهانی عەرەبیش , دەستمان کرد بە راگەیاندنی هەڵمەتێك لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی پەرلەمانتاران و کەمکردنەوەی موچەکانیان بە تایبەتی و پلە باڵاکان بە گشتی لە هەرێمی کوردستان, لەو ماوەیەدا 34 خۆپیشاندان و سەدان چالاکی جۆراوجۆرمان بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامدا, تا داواکاری هەڵمەتەکە بووە داواکاری گەل و شەقام , ئەوە نەبێت نەمان زانیبێت بیرە نەوت و گازەکان و شاخە پڕ کان و چەمەنتوو زەوییە پان و بەرینە ستراتیژییەکان و قاچاخچێتی بڤەو سپیکردنەوەی پارە رەشەکان و چاوساغی فرۆکە بێ فرۆکەوانەکان و کارکردن بۆ دەزگا سیخوڕییەکان و ... سەرچاوەی دەوڵەمەندییە زەبلاحەکانن, نەك موچەی پلە باڵاکان, بەڵام جیاوازی زۆری موچە لە کەرتی گشتی دەرخەری نیشانەیەکی زەقی نادادپەروەرییە لە هەر وڵاتێکدا, پێوەرێکی بنچینەییە بۆ دەرخستنی نا دادپەروەری لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی وڵات.

لەو ماوە دورو درێژەدا زۆر موزایەدەی بێ کردار, زۆر واژۆی بێ بەرهەم , زۆر پرۆژەی بێ خاوەند لە کۆتاییدا, زۆر بەڵێنی بێ بەجێ گەیاندنمان بینی, زۆر سوێندی ئاینی و عەلمانی بە موقەدەساتەکانی خواو شەهیدان و قوربانیانمان لایە بێ خاوەند لە ئەرشیفەکان کەوتوونە, زۆر حیزبی یەکسانی خوازی موچە پەرست, زۆر پارتی ئاینداری حەرامخۆر....زۆر مناڵی زمان ئاگراوی بە موچەی 51 وەرەقەیی تا مردن خانەنشین بوومان بینی, دەتوت ئەو هەموو بەڵێن و وەعدو ئیمزایەی کردبویان ئەوان نەبوونە و مێش میوانیان نەبوو...... لەم ١١ ساڵەدا هێندەی موزایەدە بەم دۆسیەیەوە کرا, بە هیچەوە نەکرا, کەسی وا هەیە واژۆی لەسەر چەندین پرۆژە یاسای لەم چەشنە کردووە, کە هەمووی لای بەندە پارێزراوە, بەڵام هێشتا مەرەکەبی واژۆکانی وشك نەببوەوە, خانەنشینی 51 وەرەقەیی خۆی خستە تەنگەی باخەڵ و ببڕای ببڕ ورتەی لێوە نەهاتەوە, وەك ئەوەی ئەوان نین موچەی خانەنشینییەکەیان نەك کاتی پەرلەمانتارییەکەیان لە موچەی نیوەی سەرۆکەکانی جیهان زیاترە , زۆری ئەمەش لە ژێر ناوی ئەوەی گوایە حکومەتەکەمان دزە و ئەمین نییە بۆیە وەریدەگرن.

بڕیارە ئەمڕۆ ١-٧ کە رۆژی لە دایك بوونی نیوەی هاووڵاتیانی کوردستانە , پەرلەمانی کوردستان دەرگای رەتکردنەوەی خانەنشینی بۆ ئەندامە کۆن و نوێکانی بکاتەوە , کە ئەمەش باشترین دیارییە بۆ رۆژی لەدایك بوونی لایەکی کوردستان, لەماوەی رابردوو هەر لەم خولەی پەرلەمان چەندین کەس بڕیاریان داوە ئەو خانەنشینیە رەت بکەنەوە , ئێمەش لە کاتێك کە جوڵەو کردەی پراتیکیمان لێ سەنراوەتەوە, لەم وڵات و شارە ئازادەدە لەماڵەوەش لە ژێر چاودێری پزیشکی نا, بگرە سیاسی و ئاسایشداین, بۆیە ناتوانین بە چالاکی پێشوازی لەم حەدەسە بکەین, چاوەڕوانین قەولەکان چ بۆ پەرلەمانتارانی ئێستا وە چ بۆ رابردوو ببێتە کردار, بڕیاری ئەمڕۆ موزایەدە ناهێڵێت , قسە زلەکان پوچە کاتەوە, فەرمووون ئەمە کردار و رەتی بکەنەوە , دەنا ئەوانەی چەندین ساڵە موزایەدە دەفرۆشنەوە ئیتر سیحری فشەو درۆکانتان بەتاڵە بێتەوە ئەگەر رەتی نەکەنەوە .

کاتی ئەوە نەما بە شەو لە شاشەکان لە گەڵ بن , بە رۆژیش لە مەیدانی پراتیك دژ.

009647503714620